# با

خالید شه یدا / هانۆڤه ر



با هه ر کاتێ

حه زی له ماچ بێ ،

هه ڵداکا

کوڵمه و لێوی

کچۆڵه کان ماچ ده‌کا ،

قژی ئاره قاوی و

ته ربوو یان

وو شك ده‌کا

گڕی گڕگڕتوی دڵیان

خامۆ ش ده‌کا . !!

# به فر

هه ر که به فر

ده‌بارێ

کراسێکی سپی

ده‌کاته به ر زه‌وی

به دیاری

ده یکاته هاورێ ی ،

شه و و ڕۆژانی

تا ماچکا

لێو و کوڵمەکانی ،

لە زستانی

ئەم ساڵی ی .!!

## خۆر

خۆر هەرکە

حەزی لە باران بوو

مەلە بکا

سەردانی دەریاو ،

ئۆکیانووسەکان

دەکا

شەوانیش

کە حەزی لەماچ و ،

ڕاموسان بوو

ڕوو لە ئەستێرەکان و ،

مانگ دەکا

بەیانیانیش

کە حەزی لە گەڕان بوو ،

دەست لە ملی

زەوی دەکا..!!

خالید شه‌یدا

هانۆڤه‌ر 04/09/05